# سەرهەڵدانی ناكۆكیەكی تازەلەنێوان ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا.

ئەبو بەكر ئەحمد سلێمان

لەكاتێكدا كەوادەی كۆبونەوەی دوهەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی نزیک دەبێتەوە، وەک بریار وابو لەناوەراستی ئەم مانگەدا لەكوردستانی عێراق ئەم كۆبونەوەیە ببەسترێ، ئەمرۆ٢٠٠٣/١/١١سایتی /بی بی سی/ئێتەرنێت، هەواڵێكی نارەزایەتی محمدباقرالحكیم ی سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراقی بلاوكردەوە، بەپێی ئەوهەواڵە، سەرۆكی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق نیگەرانی ونارەزایەتی خۆی نیشان داوە بەرامبەر هەركردەوەیەكی سەربازی ئەمەریكا لەدژی عێراق، هەروەها بەپێی هەواڵەكە محمدباقرالحكیم وتویەتی هەرجۆرە كردەوەیەكی سەربازی ئەمەریكا زەرەر و زیانێكی گەورەبەگەلی عێراق وگەلانی ناوچەكەش دەگەیەنێت وەلەسەرئەم بنەمایە ئێمە بیرۆكەی داگیركردنی عێراق مان رەت كردۆتەوە و رەتیشی دەكەینەوە وئەمەریكا لەكاتی هێرش بردن بۆسەرعێراق وداگیركردنی ئەم ولاٚتە روبەروی بەرگریەكی توندی عێراقیەكان دەبێتەوە. ئەنجومەنی باڵای شۆری ئیسلامی لەعێراق، یەكێكە لەو لایەنە سەرەكیەكانەی كەلەهەوڵەكانی خۆیداوانیشان ئەدات نوێنەرایەتی زوربەی شیعەكانی عێراق دەكات وبریاریش وایە لەكۆبونەوەی دوهەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەناوەراستی ئەم مانگەدا لەكوردستان بەشداری بكات، ئەم ناكۆكی ونیگەرانیەی باقرالحكیم لەكاتێكدا دێت، كەلەم رۆژانەدا سایتی ئێنتەرنێتی الجەزیرە بەهەمان شێوە نیگەرانیەكی توندی علی خامنەئی رابەر و مرشیدی جمهوری ئیسلامی ئێرانی سەبارەت بەهەرەشەكانی ئەمەریكا لەدژی عێراق وداگیركردن ودەست بەسەرداگرتنی نەوتی ئەو ولاٚتە بلاوكردەوە.

سەردانەكەی ئەم هەفتەیەی جەلال تاڵەبانیش بۆئێران راستەوخۆ پەیوەندی هەیە بەسەرهەڵدانی ئەم كێشەیەوە، بەپێی لێدوانەكانی مام جەلال بۆكوردستانی نوێ و لەپەیوەندیەكی تەلەفۆنیشدا بۆسایتی الجەزیرە ئەوەرۆشن دەكاتەوەكە جەلال تاڵەبانی لەسەردانەكەیدا بۆتاران پەیامێكی ئەمریكایەكانی پێ بوە بۆكاربەدەستانی ئەو ولاٚتە سەبارەت بەدڵنیاكردنەوەی دەوڵەتی ئێران لەئاكامی ئەگەرەكانی جەنگی چاوەروان كراولەدژی عێراق، راسپاردەكانی ئەمریكا لەرێگای جەلال تاڵەبانی یەوە بۆ ئێرانیەكان ئەوەیەكە ئەمریكا لەكاتی هێرش كردنەسەر عێراق ولەدوای كۆتایی هاتنی شەریش هیچ نیەتێكی خراپی نابێت لەدژی ئێران وزەرەرێک بەو ولاٚتە ناگەیێنێت وپێویست ناكات ئێران هیچ مەترسیەكی هەبێت لەوبارەیەوە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایە ئاخۆدەكرێت دەوڵەتی ئێران كەوەک دەسەلاٚتێكی ئیراهابی وسەرچاوەی مەترسی ناوی لەریزی كۆریایی شیمالی ودەوڵتی عێراق وئەفغانستان لەلیستی مەتلۆبینی ئەمریكادا هاتوە و زیاترلە٢٢ساڵە دروشمی مرگ بۆ ئەمەریكا ی هەڵگرتوە هەروا بائاسانی لەبەرامبەر جموجۆڵی سەربازی ئەمەریكا لەناوچەكەدا تاسەر بێدەنگ بمێنێتەوە و لەوەدڵنیابێتەوە كەتەواجودی هێزی سەربازی ئەمریكا لەوناوچەیە زەرەر و زیانێكی پێ ناگەیێنێت ولەسەربنەمای ئەم لێكدانەوایە دەست ناخاتە كاروباری ناوخۆیی عێراقەوە؟؟ دەوڵەتی ئێران لەدوای ئەوە كەبەهۆی جەنگی ئازادكردنی كوێتەوە، هێزی سەربازی ئەمەریكا هاتۆتە ناوچەكە و بەهۆی جیاكردنەوەی بەشێكی كوردستانی عێراق لەدەوڵەتی ناوەندی وبلاوبونەوەی شەبەكات وتۆری جاسوسی وموخابەراتی ئەمەریكا لەوناوچەیە، پیلانێكی گەورەی ئەمریكا لەدەرەوەی سنورلەدژی وەلاٚتەكەی خۆی هەست پێ دەكات ودەوڵەتی ئێران لەوماویەدا هەمیشە هەوڵێداوە ئەومەترسیە لەسنورەكانی خۆی دورخاتەوە و لەرێگای گروپەئیسلامیەكان لەكوردستانی عێراق بەردەوام خەریكی خولقاندنی فەزای ناسەبات و شەر و ئاژاوە بوە لەناوچەكەدا.

ئێستاكەئەمریكا بەهێزێكی یەكجار زۆرەوە خۆی لەناوچەكەقایم دەكات وهەرەشەی داگیركردنی عێراق وگۆرینی رژێم دەكات، مەترسی یەكانی دەوڵەتی ئێران زیاتردەبن، مەسەلەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەرەرای بەشداریكردنی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی عێراق لەكۆبونوەكانی لندن وبالاٚدەست بونی ئەم هێزە لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دادیسان بۆدەوڵەتی ئێران وەک كارتێكی سیاسی لەبەرامبەرسیاسەتی ئەمریكا لەئایندەی عێراق وناوچەكەدا جێگای ئومێد نیە و دەوڵەتی ئێران لەسیاسەتی ئەمەریكا سەبارەت

www.kurdistannet.org
18-10-1999 0:35

بەئایندەی عێراق بەگومانە و پێی وانیە لەدوای روخانی رژێمی صدام ئەمەریکا لەعێراق دەچێتەدەرەوە و ئایندەی عێراق تەسلیم بەو ئۆپۆزسیۆنە دەکات وئێراینش لەمەترسی یەکانی ئەمریکا رزگاری دەبێت.

جمهوری ئیسلامی ئێران وەک سەرچاوەی تیرۆریزمی جیهانی وصدوری سیاسەتی ئیسلام گەرایی وپان ئیسلامیستی بۆولاّتانی دەوروبەر، ودەولّەتی عێراقیش وەک رژێمێکی ناسیۆنالستی وهێزێکی میلیتاریستی گەورەی عەرەبی لەناوچەکەدا، و بەهۆی لاساری یان لەبەرامبەر ساسەت ونەزم نیزامی نوێی تاک دەسەلاّتی جیهانی ئەمەریکا ، ئەمرۆ دومانعی ئەساسی ودوکۆسپی گەورەن لەبەردەم بەرژەوەندیەکانی دەولّەتی ئەمەریکا لەوناوچەیەدا بەکێشەی ئیسرائیلشەوە، هەربۆیەش هەردودەولّەتی عێراق وجمهوری ئیسلامی ئێران دەمێکە بونەتە نیشانەی تیری غەزەب وتورەیی دەولّەتی ئەمەریکا ولەدوای روداوەکەی ١١سیبتەمبەر، ئەمریکا باشترین بیانوی کەوتە دەست بۆدەست وەردان لەکاروباری ناوخۆی ئەوناچەیە و تەصفیەی حساباتی خۆی لەگەلّ رەقیبەکانیدا، سیاسەتی ئەمجارەی ئەمریکا سەبارەت بەهێز کۆکردنەوە لەناوچەی کەنداوی عەرەبی چەندین ئامانجی جۆراوجۆری لەخۆگرتوە، یەکێک لەئامانجەئاشکرایەکانی روت کردنەوەی سوپای عێراقە لەهەمو ئەوچەکانەی کەمەترسی هەیە بۆ سەرئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا، وئامانجی شاراوە و ئەساسیشی دەست گرتنە بەسەرسەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی بەرهەمهێنان ونەوتی هەموناوچەکەدا، کەعێراق وئێران دوو ولاّتی گەورەی نەوت خیزی ئەوناوچەیەن، بۆیەهیچ وەعد و بەلێنێکی ئەمەریکا نابێتە تەگرەنتی کەببێتە هۆی کەم کردنەوەی شکوگومانی دەولّەتی ئێران لەبەرامبەر بەساسەتی شەرخوازانە و ناپاکی ئەمەریکا لەناوچەکە و بەتایبەتیش لەدژی دەولّەتی ئێران.

دەولّەتی ئێران نزیک بەدوانزە سالّە لە خواروی عێراق ولەکوردستانیش خەریکی نانەوەی گەرای کۆنەپەرستی وچەکدارکردنی گروپەئیسلامیەکانە و لەدەرەوەی سنورەکانی ئێران وەک قەلّغانێک بۆپێش گرتن لەداخل بونی پیلانەکانی ئەمەریکا بۆناخۆی ئێران لەم سیاسەتە کەلّک وەردەگرێت، پێ ناچێت لەجەنگی چاوەروان کراوی ئەمەریکا لەدژی عێراق بێدەنگی هەلّبژێرێت وهەولّ ئەدات لەرێگای ئەنجومەنی بالاّی شۆرشی ئیسلامی عێراق وباقی گروپەئیسلامیەکانی تری کوردستان لەناوەوە و لەدەرەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وبەهەر رێگایەک کەبۆی بکرێت ئەم سیاسەتەی خۆی دەباتەپێشەوە.

١١/٠١/٢٠٠٣هۆلّند